# لە منداڵییەوە هۆگری ئەم یارییە بوومەو زیاتر خۆم پێدەگەیەنم

## گەشە شێرزاد یاریزانی گۆڕەپان ومەیدانی یانەی ئاڵا:

دیمانە: کاروان کانی

یەکێک لە یاریزانە بەتواناکانی قەزای سۆرانە و خاوەنی ئاستێکی بەرزە لە یاری گۆڕەپان و مەیدان لە زۆربەی پاڵەوانێتییەکان لەسەر ئاستی پەروەردەکان و یانەکەیان شوێن پەنجەی دیار بووە وەکو یاریزانێکی خێرا، ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٤ی قەزای سۆرانە و لە هەمان کاتیشدا لە شاری هەولێر یاریزانی یانەی ئاڵایە، لەئێستادا هەموو هەوڵێک دەدات بۆئەوەی بتوانێ خۆی بگەیەنێتە ریزی هەڵبژاردەی گۆڕەپان ومەیدانی عێراقی شان بە شانی یاریزانانی دیکەی شارەکانی کوردستان بەو هیوایەی بگات و ناوی کوردستان و عێراق بەرزکاتەوە لە پاڵەوانێتییەکان، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.



***ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- لە ئێستادا ئاستی یاریی گۆڕەپان ومەیدان لە چاو ساڵانی پێشووتر گۆڕانکاری باشی بە خۆیەوە بینیوە لە ڕووی گرنگیدانی زیاتر لەلایەن یانەکانی کوردستان بۆهەردوو ئاستی کچان و کوڕان و خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایین لەسەر ئاستی عێراق ئەوەش بەڵگەی گرنگیدانی زیاترە لەلایەن یانەکان بۆئەم یارییە.

***چی بکرێت باشە بۆ بەرەو پێش بردنی ئەم یارییە ؟**

- پێش هەموو شتێك ئەگەر ئێمە بمانەوێ ئاستی یارییەکانی گۆڕەپان ومەیدان بەرز بکەینەوە،دەبێ سەرەتا لە دروست کردنی قوتابخانەوە دەست پێبکەین بۆئەوەی لەم قوتابخانەیە یاریزانی باش دروست بکەین بۆپاشەڕۆژ، دواتریش کردنەوەی پاڵەوانێتیی زیاتر بۆئەوەی یاریزانی بە توانا دروست بن و یاریگای تایبەت هەبێت بەم یارییە لە شارەکانی کوردستان کە ئەمانە هەبوو ئەم یارییە خۆی کۆنتك دەکات و ئاستی بەرز دەبێتەوە.

*** چۆن بوو یاریی گۆڕەپان و مەیدانت هەڵبژارد؟**

- سەرەتا من وەکو هەموو یاریزانێك لە قوتابخانەکانەوە خۆشەویستیم بۆئەم یارییە دروستبوو، ئیتر بەردەوام لە پاڵەوانێتییەکانی فیستیڤاڵی ساڵانەی قوتابخانە و پەروەردەکان بەشداردەبووم بۆیە تا وای لێ هات هەر چەند جار ئەنجامی بەرچاوم بەدەست دەهێنا خۆشەویستیم بۆئەم یارییە زیاتر دەبوو تا هۆگری بووم و هیچ کات لە وەرزشکردن دانەبڕیم ئێستاش بەردەوام لە ناو ئەم یارییەو خزمەتی ئەم یارییە و خۆم دەکەم بۆ بەرز بوونەوەی ئاستم.

*** بۆتۆ کێشە نییە لە قەزای سۆران دێیتە یانەیەکی هەولێر یاری دەکەیت؟**

- بەڵێ زۆریش کێشەیە بۆ من کە لە قەزای سۆرانەوە بێمە شاری هەولێر بۆ وەرزشکردن، بەڵام ئەوە بڕیاری خۆمەو لێی پەشیمان نیمە،چونکە یارییەکەم پێخۆشە ئامادەم هەموو قوربانییەکی بۆبدەم بۆئەوەی بگەمە لووتکەی وەرزشکردنم.

*** تا ئێستا هیچ گرێبەستێکت پێشکەشکراوە لەلایەن یانەکانی کوردستان؟**

- نەخێر ئەو دەرەفتەم بۆ نەڕەخساوە کە یانەکان داوای یاری کردنم لێ بکەن، ئەگەر گرنگیی زیاتر بە ئاستی خۆم بدەم رۆژێك دەبێت گرێبەستم پێشکەش بکرێت، بەڵام وەکو داوا کردن بۆ یاری کردن بەڵێ چەند یانەیەك داوایان لێ کردمەوە یارییان بۆ بکەم.

*** تاکو ئێستا لە هەڵبژاردەی نیشتمانی عێراق داواکراویت ؟**

- بەهۆی ئەوەی من ماوەیەکی زۆر نییە هاتوومەتە نێو یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان ماوەی تەنیا یەکساڵە ئەم وەرزەشە دەکەم، بۆیە تائێستا دەرفەتی ئەوەم بۆ نەڕەخساوە یاری لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق بکەم.

***هەست ناکەی ئەم یارییە هیچ گرنگی پێ نادرێت لە شاری سۆران؟**

- بەڵێ زۆر ڕاستە لە قەزای سۆران هیچ گرنگییەك بەم یارییە نادرێت، زۆر یاریزانی بەتوانای تێدایە کە پاشەڕۆژی باشی لێ چاوەڕوان دەکرێت، بەڵام بەهۆی بایەخ نەدان پێیان تواناکانیان شاردراوەیەو نەبوونی یاریگای تارتانیش کێشەیەکی ترە بۆئەم شارە.

*** بەرنامەت چییە بۆداهاتووی خۆت وەکو یاریزانێك؟**

- لە بەرنامەی منە ئەگەر ئەمساڵ خوێندنم بەسەرکەووتویی بڕی زیاتر گرنگی بەتواناکانی خۆم بدەم و کێبڕکێ بکەم لەگەڵ یاریزانانی تری هاوڕێیانم بۆئەوەی بتوانم زیاتر گرنگی بە ئاستی خۆم بدەم.

***هیواو ئاواتت چییە لەم یارییە؟**

- بەهیوای ئەوەم زیاتر گرنگی بەتواناکانی خۆم بدەم بۆئەوەی لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق وەربگیرێم و خزمەتی ئەم وەرزشە بکەم، سوپاس بۆ یەکێتیی گۆڕەپان و مەیدانی کوردستانیش کە گرنگیی باش بەم یارییە دەدەن، سوپاس بۆئێوەش کە بەبێ جیاوازی خزمەتی وەرزشی کوردستان دەکەن لە گشت شارەکانی کوردستان ئەوەش بەڵگەی دڵسۆزیتانە بۆ وەرزش.



ڕاپۆرت: سالار جەلال





## جـامـی کـیـشـ

# بەرازیل بۆ جاری چـ

**بەرازیل شکۆمەندی بۆ خۆی گەڕاندەوە**

ماوەیەکــە هەڵبژاردەی بەرازیل ئاســتی هونــەری هاتۆتە خوارەوە و لەریزبەنــدی فیفا لەپلەی ٢٢ دێت بۆیە جامی کیشــوەرەکان دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ بۆ ڕاهێنەر سکۆلاری و یاریزانەکانی بۆ ئەوەی دڵی هاندەرانیان خۆش بکەن، هەڵبژاردەی بەرازیل بەسەرکەوتنی بەســەرهەڵبژاردەکانی ژاپۆن بەئەنجامی (٣-٠) و هەڵبژاردەی مەکسیك بەئەنجامی (٢-٠) وهەڵبژاردەی ئیتالیــا بەئەنجامی (٤-٢) پلــەی یەکەمی گرووپەکەی مســۆگەرکرد، لە قۆناغی پێش کۆتاییدا بەئەنجامی (٢-١) لەهەڵبژاردەی ئۆروگوای بردەوە و بەشایستەیی گەیشتە یاری کۆتایی، لەبەرامبەردا هەڵبژاردەی ئیســپانیا پاڵەوانی ئەوروپا وجیهان و پۆلینکاری یەکەمی فیفا وەك بەهێزترین پاڵێوراو بۆ بەدەســتهێنانی جامەکە بەشــداری لەجامی کیشــوەرەکان کرد، لەیارییەکانــی گروپی دووەمدا بەئەنجامــی (٢-١) لەهەڵبژاردەی ئۆروگوای و(١٠-٠) لەهەڵبژاردەی تاهیتــی و(٣-٠) لەهەڵبژاردەی نایجیریای بــردەوە وپلەی یەکەمی گروپەکەی وەرگرت، لە قۆناغی پێش کۆتاییدا بەلێدانی یەکلاکەرەوەی سزا لەهەڵبژاردەی ئیتالیای بردەوە وگەیشتە یاری کۆتایی لەبەرامبەر بەرازیل .

لەرۆژی یەکشەممە ٢٠١٣/٦/٣٠ لەیاریگای ماراکانا لەشاری ریۆدی جانیرۆ و بەئامادەبوونی ٧٩ هــەزار کەس، هەردوو هەڵبژاردەی بەرازیل و ئیســپانیا لەیاریی کۆتایی جامی کیشوەرەکانی ٢٠١٣ بەیەك گەیشتن، ئەوە یەکەم یاری بوو لەنێوان هەردوو هەڵبژاردە لەماوەی ٢٧ ساڵدا، بەرازیل بەئاســتێکی بەرزەوە شــکۆمەندی بۆ خۆی گەڕاندەوە دوای ئەوەی توانی بەئەنجامی سێ گۆڵی بێ بەرامبەر لەهەڵبژاردەی ئیسپانیا بباتەوە وبۆ جاری چوارەم لە مێژوودا جامەکەی بەدەســتهێنا لەدوای ســاڵانی ١٩٩٧ و ٢٠٠٥ و ٢٠٠٩، گۆلکانیــش لەلایــەن یاریزانان فرێــد دوو گۆڵ و نیمار لە خولەکەکانی ٢ و ٤٤ و ٤٨ دا تۆمارکــران لەو کاتەی یاریزان ڕامۆس لێدانی سزای لەدەستدا و لەخولەکی ٦٨ یاریزان پیکێ بەکارتی سوور دەرکرا .

لەلایەکــی دیکــەوە هەڵبــژاردەی ئیتالیا پلەی ســێیەمی بەدەســتهێنا دوای سەرکەوتنی بەسەر هەڵبژاردەی



**نیمار**
**باشترین یاریزان**

**جۆلیۆ سیزار**
**باشترین گۆڵچی**

**تۆرێس**
**باشترین گۆڵکەر**





## ـــــوەرەکان بەرازیل ٢٠١٣

# ـــــوارەم بووە پاڵەوان

ئۆروگوای بە لێدانـــی یەکلاکەرەوە بە ئەنجامی (٣ — ٢) گۆڵ دوای ئەوەی کاتی یاسایی و زیادکراوی یارییەکە بەئەنجامی دوو گۆڵ بۆ هەردوولا کۆتایی هات .

**٭ باشترینەکانی جامی کیشوەرەکانی ٢٠١٣ :**

لەدوای یاریی کۆتایی فیفا باشترینەکانی جامی کیشوەرەکانی ٢٠١٣ ی دیاریکرد کەبەم شێوەیەبوو :

- باشترین یاریزان

نیمار داسیلڤا (بەرازیل) تۆپی زێڕین
ئەندرێس ئەنێستا (ئیسپانیا) تۆپی زیوین
پاولینهۆ (بەرازیل) تۆپی برۆنز

- باشترین گۆڵکەر

فیرناندۆ تۆرێس (ئیسپانیا) لاپچینی زێڕین ٥ گۆڵ
فرێد (بەرازیل) لاپچینی زیوین ٥ گۆڵ
نیمار داسیلڤا (بەرازیل) لاپچینی برۆنز ٤ گۆڵ

- باشترین گۆڵچی

جۆلیۆ سیزار ( بەرازیل) دەستەوانەی زێڕ

- خەڵاتی یاری پاك

هەڵبژاردەی ئیسپانیا

**٭ خەڵاتە داراییەکان**

لە کۆتایـــی جامی کیشـــوەرەکانی ٢٠١٣ یەکێتیی تۆپی پێی جیهانی فیفا خەڵاتە داراییەکانی ئاشکراکرد کە بریتی بوو لە ٢٠ ملیۆن دۆلار و بەم شێوەیە بەسەر هەڵبژاردەکان دابەشکرا :

١- هەڵبژاردەی بەرازیل ٤,١ ملیۆن دۆلار
٢- هەڵبژاردەی ئیسپانیا ٣,٦ ملیۆن دۆلار
٣- هەڵبژاردەی ئیتالیا ٣ ملیۆن دۆلار
٤- هەڵبژاردەی ئۆروگوای ٢,٥ ملیۆن دۆلار
٥- هەڵبژاردەی نایجیریا ١,٧ ملیۆن دۆلار
٦- هەڵبژاردەی مەکسیك ١,٧ ملیۆن دۆلار
٧- هەڵبژاردەی ژاپۆن ١,٧ ملیۆن دۆلار
٨- هەڵبژاردەی تاهیتی ١,٧ ملیۆن دۆلار

**٭ باشترین یاریزانی یارییەکان وئەنجامەکان**

لە جامی کیشـــوەرەکانی ٢٠١٣ تێکڕای ١٦ یاری ئەنجامدرا و تیایـــدا ٦٨ گۆڵ تۆمارکرا بەرێـــژەی ٤,٢٥ گۆڵ لەهەر یاریەکدا کە ئـــەوەش زۆرترین ڕێژەی گـــۆڵ تۆمارکردنە لەمێژووی جامی کیشوەرەکان، لەهەر یارییەکدا باشترین یاریزان لەلایەن فیفاوە دەست نیشانکران، ئەنجامی ســـەرجەم یارییەکان و باشترین یاریزانی هەر یارییەك بەم شێوەیە بوو :

بەرازیل ٭ ژاپۆن (٣ — ٠) نیمار داسیلڤا (بەرازیل)
ئیســـپانیا ٭ ئۆروگـــوای (٢ — ١) ئەندرێـــس ئەنێســـتا (ئیسپانیا)
ئیتالیا ٭ مەکسیك (٢ — ١) ئەندریا پێرلۆ (ئیتالیا)
نایجیریـــا ٭ تاهیتـــی (٦ — ١) نامـــدی ئۆدوامـــادی (نایجیریا)
بەرازیل ٭ مەکسیك (٢ — ٠) نیمار داسیلڤا (بەرازیل)
ئیتالیا ٭ ژاپۆن (٤ — ٣) شینجی کاگاوا (ژاپۆن)
ئیســـپانیا ٭ تاهیتـــی (١٠ — ٠) فیرنانـــدۆ تۆرێـــس (ئیسپانیا)
ئۆروگـــوای ٭ مەکســـیك (٢ — ١) دییگـــۆ فـــۆرلان (ئۆروگوای)
بەرازیل ٭ ئیتالیا (٤ — ٢) نیمار داسیلڤا (بەرازیل)
مەکسیك ٭ ژاپۆن (٢ — ١) خافییر هێرناندیز (مەکسیك)
ئیسپانیا ٭ نایجیریا (٣ — ٠) خۆردی ئەلبا (ئیسپانیا)
ئۆروگـــوای ٭ تاهیتـــی (٨ — ٠) ئەبیـــل هێرنانديـــز (ئۆروگوای)
بەرازیل ٭ ئۆروگوای (٢ — ١) جۆلیۆ سیزار (بەرازیل)
ئیســـپانیا ٭ ئیتالیا (٠ — ٠) (٦ — ٥) لێدانی یەکلاکەرەوە ئیکەر کاسیاس (ئیسپانیا)
ئیتالیا ٭ ئۆروگوای (٢ — ٢) (٣ — ٢) لێدانی یەکلاکەرەوە ئەدینسۆن کاڤانی (ئۆروگوای)
بەرازیل ٭ ئیسپانیا (٣ — ٠) نیمار داسیلڤا (بەرازیل)

**لە ڕۆژانی ١٥ تا ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٣ وڵاتی بەرازیل میوانداریی یارییەکانی حەوتەمین جامی کیشوەرەکانی کرد لەشەش یاریگای جیاجیا، ئەم پاڵەوانێتییەش پرۆڤەیەکی کۆتایی بوو بۆ تاقیکردنەوەی تواناکانی ئەم وڵاتە پێش ساڵێك لە میوانداریکردنی مۆندیالی ٢٠١٤، بەدرێژەی ڕۆژانی ئەم پاڵەوانێتییە خۆپیشاندان وناڕەزایی سەرتاسەری بەرازیلی گرتەوە بەرامبەر بەخەرجکردنی زیاتر لە ١٥ملیار دۆلار بۆ هەردوو پاڵەوانییەتی جامی کیشوەرەکان و مۆندیال لەو کاتەی بەشێکی زۆری گەلی بەرازیل لەژێر کێشەی ئابووری دەناڵێنێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ناڕەزاییەکان فیفا سوور بوو لەسەر ئەنجامدانی یارییەکانی جامی کیشوەرەکان لەکاتی خۆیدا وجارێکی دیکە متمانەی بە وڵاتی بەرازیل دووپاتکردەوە بۆ میوانداریکردنی مۆندیالی ٢٠١٤ .**



# کچانی سلێمانی بوونە پاڵەوانی عێراق

لەمیانـــەی یارییەکانی پاڵەوانێتیی باســـکەی کچانی یانەکانی عێراق بۆ یاریی باسکەی (٣×٣)، کە یارییەکی تازەیـــە لە جیهاندا و بۆ یەکەمجارە لە عێراقدا پاڵەوانێتی بۆ ئەنجام دەدرێت، لە ئاســـتی پێشـــکەوتوواندا کچانی یانەی سلێمانی توانی ببێتە پاڵەوانی عێراق و نازنـــاوی پاڵەوانێتییەکە بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

لەم پاڵەوانێتیەدا ٨ یانە بەشـــداری کرد، کە هەر یارییەك تەنها ١٠خولەکە ٣ یاریزانیش بۆی هەیە یاری بکات.

لە یاریی کۆتایی پاڵەوانێتیەکەشـــدا کچانی هەردوو یانەی سلێمانی(أ) و قەرەقوش بەیەك گەیشتن، لە ئەنجامدا کچانی یانـــەی ســـلێمانی توانییان بە ئەنجامی (١٤-٥)خاڵ بەســـودی خۆیان تـــەواو بکەن و ببنـــە پاڵەوان و نازنـــاوی پاڵەوانێتیەکـــە بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

لە یاریی پلەی ســـێیەم و چوارەمدا کچانی ســـلێمانی(ب) لـــە کچانی شـــەهرەبانیان بـــردەوە بـــە ئەنجامی (١٢-٢) خـــاڵ و پلەی ســـێیەمیان بەدەستهێنا.

یارییەکانـــی ئـــەم پاڵەوانێتیـــە بەسەرپەرشـــتی یەکێتـــی ناوەنـــدی باســـکەی عێراق و بەهـــاوکاری لقی سلێمانی یەکێتیەکە بەڕێوەچوو.



# پێشمەرگەی سلێمانی بەردەوامە لە بەهێزکردنی تیپەکەی

بەمەبەســـتی پتەو کردنی هێڵی هێرشبەری یانەکەیان دەستەی ڕاهێنەرانی یانەی پێشـــمەرگەی ســـلێمانی یاریزانێکی هێڵی هێرشبەری نوێیان بانگهێشت کرد.

یاریزان (شێرزاد ئەحمەد ڕەفیق) لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٠ ی شاری دهۆکە و بە گرێبەستێکی یەك وەرزی پەیوەندی بە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی کردووە و لە هێڵی هێرشبەر یاری دەکات و بڕی گرێبەســـتەکەی ٢٤ ملیۆن دینارە جگە لە مانگانەی یەك ملیۆن دینار.

لـــە لێدوانێکیدا (فاتیح حەمە خـــان) ی ڕاهێنەر تیپی تۆپی پێی یانەی پێشـــمەرگەی ســـلێمانی گوتی: لە ئێستادا توانای یاریزانانی لاومان پێویســـتە و دەبێت ئەو یاریزانانەی دێنە ڕیزی تیپـــی تۆپی پێی یانەکەمان لاو بـــن و بتوانن لە یاریدا بمێننەوە لە ڕووی جەســـتەییەوە و چەند یاریزانێکمان بانگهێشـــت کرد لە پاش هەڵســـەنگاندنی تواناکانیان چەند یاریزانێکمان دیاری کرد و گرێبەســـتەمان پێشـــکەش کرد بۆ ئەوەی لەم وەرزە خزمەتی یانەکەمان بکەن و بتوانین ئەنجامی بەرچاو بەدەست بهێنین.



# پاڵەوانێتیی پایسکلسواری کوردستان لە دهۆک بەڕێوەچوو

لە شـــاری دهۆك قۆناغی یەکەمی پاڵەوانێتی پایسکلسواری لەسەر ئاســـتی کوڕان بۆ لاوان و تازەپێگەیشـــتووان و قۆناغی دووەمی کچان بەڕێوەچوو.

لەسەر ئاستی کوڕان لاوان

لەم پێشبرکێە تەنیا سێ یانە بەشداری کرد ئەویش هەریەکە لە یانەکانی (هەولێر، دهۆك، سۆلاڤ ) ئەنجامەکان بەمشێوەیە بوو.

تیپ دژی کات

١-هەولێر،٢- دهۆك،٣- سۆلاڤ

تاکی گشتی

١-عوســـمان عەلـــی - هەولێـــر،٢- زیـــرەك جووتیـــار - هەولێر،٣- عەبدولرەحمان زوهێر - هەولێر

لەسەر ئاستی کوڕان تازەپێگەیشتووان

لەم پێشبڕکێیە شەش یانە بەشداری کردبوو ئەویش هەریەکە لە یانەکانی (هەولێر، ســـۆلاڤ، ئامێدی، کۆیە، دهۆك، بابەگوڕگوڕ)،ئەنجامەکان بەمشێوەیە بوو.

تیپ دژی کات

١- سۆلاڤ،٢-هەولێر،٣- ئامێدی

تاکی گشتی

١-موراد فەرهاد -سۆلاڤ،٢-مەحمود سەعدەدین - هەولێر

لەسەر ئاستی کچان

لەم پێشـــبڕکیە ٥ یانە بەشـــداری کردبوو و یانە بەشـــداربووەکانیش بریتـــی بوون لە (نەورۆز، دوکان، فەتات هەولێر، دهۆك، ئاڵتون کۆپری ) ئەنجامەکانیش بەمشێوەیە بوو.

تیپ دژی کات

١-نەورۆز،٢- دوکان،٣- فەتات هەولێر

تاکی گشتی

١- سۆزی دلشاد - نەورۆز،٢- لاڤان عەبدولڕەحمان - نەورۆز،٣- نیان یاسین - نەورۆز،٤- زریان عەتار - دوکان.

# هەڵبژاردەی کوردستان بووە پاڵەوانی پاڵەوانێتی مەرسیلیای نێودەوڵەتی

دوای ئەوەی لە ساڵی رابردوو هەڵبژاردەی کوردستان یەکەم نازناوی خۆی لەسەر پاڵەوانێتی جامی جیهانی (VIVA) بە دەستهێنا، هەڵبژاردەی کوردستان بەفەرمی بانگهێشتی پاڵەوانێتی مەرسیلیای نێودەوڵەتی کرا، کە بۆ هەرێمە بێ وڵاتەکان لە شاری مەرسیلیا بەمیوانداریکردنی هەرێمی پرۆڤنس ئەنجامدرا.

لەم پاڵەوانێتیە شەش هەرێم بەشداری کرد و بەسەر دوو کۆمەڵە دابەشکران لە هەر کۆمەڵێك دوو هەڵبژاردە بۆ قۆناغی چوار گۆشەی زێرین سەرکەوت، کۆمەڵەکانیش بەمشێوەیە بوو.

کۆمەڵەی یەکەم: پرۆڤنس- تیبت — کوبیك.

کۆمەڵەی دووەم: کوردستان — بیابانی رۆژئاوا — ئەرمنستان.

هەڵبژاردەی کوردستان یەکەم یاری خۆی بەرانبەر هەڵبژاردەی بیابانی رۆژئاوا ئەنجامدا و یارییەکی بە ئەنجامی (٦-٠) گۆڵ بردەوە گۆڵەکانی هەڵبژاردەی کوردستان لە رێگەی یاریزانان مستەفا سالار (٢) گۆڵ و ئاماد ئیسماعیل (٢) گۆڵ و ئاری شەفیق و عەلی عەزیز تۆمار کران.

لە دووەم یاری خۆیدا هەڵبژاردەی کوردستان رووبەڕووی هەڵبژاردەی ئەرمنستان بووە، لەم یارییەدا هەردوو هەڵبژاردە بە ئەنجام ی(١-١) گۆڵ یەکسانبوون گۆڵەکەی هەڵبژاردەی کوردستان لە رێگەی یاریزان ئەحمەد مەئمون تۆمار کرا، بەم ئەنجامە هەڵبژاردەی کوردستان گەیشتە قۆناغی پێش کۆتایی رووبەرووی هەڵبژاردەی کوبیك بۆوە، کە لەم یارییەدا هەڵبژاردەی کوردستان توانی سەرکەوتن تۆمار بکات و یارییەکە بە ئەنجامی (١-٠) گۆڵ بباتەوە و تاکە گۆڵی یارییەکە لە رێگەی یاریزان مستەفا سالار تۆمار کرا.

لە یاری کۆتایی پاڵەوانێتیەکەدا هەڵبژاردەی کوردستان رووبەڕووی هەڵبژاردەی پرۆڤنس خاوەن یاریگا و جەماوەر بۆوە لەم یارییەدا هەڵبژاردەی کوردستان توانی سەرکەوتن تۆمار بکات و یارییەکە بە ئەنجامی (١-٠) گۆڵ بباتەوە تاکە گۆڵی یارییەکە لە رێگەی یاریزان شێرزاد محەمەد تۆمار کرا.

بەم ئەنجامە هەڵبژاردەی کوردستان توانی بە شایستە ببێتە پاڵەوانی پاڵەوانێتی مارسیلیای نێودەوڵەتی بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا.

جێگەی باسە سلێمان رەمەزان راهێنەری هەڵبژاردەی کوردستان بوو و هەروەها چوار یاریزانی پیشەگەری کورد لە ئەوروپا پەیوەندییان بە ریزی هەڵبژاردەی کوردستان کرد.






# ماراسۆنی نێودەوڵەتی هەولێر بەفەرمی چووە نێو لیستی ماراسۆنە نێودەوڵەتییەکانی جیهان

دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر و دوای سەرکەوتنی هەردوو ماراسۆنی یەکەم و دووەمی هەولێری نێودەوڵەتی بۆ ئاشتی، ماراسۆنی نێودەوڵەتی هەولێر بەفەرمی چووە نێو لیستی ماراسۆنە نێودەوڵەتییەکانی جیهان.

دەزگای «AIMS» ی نێودەوڵەتی بۆ ماراسۆن و راکردنی ماوە جیاجیا، بەفەرمی ماراسۆنی نێودەوڵەتی هەولێری وەك ماراسۆنێکی نێودەوڵەتی لە ریزی دەزگاکە قبوولکرد، کە دامەزراوەی فەرمی دانپیانانی ماراسۆن و راکردنە جیهانییەکانە.

لە لێدوانێکی رۆژنامەنووسیدا عەبدولستار عیسمەت رێکخەری گشتی ماراسۆنی هەولێری نێودەوڵەتی گوتی: دانپیانانی « AIMS» بۆ ماراسۆنی هەولێر دەستکەوتێکی گرنگە، دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز تا وەرزشوانان و هەوادارانی ماراسۆن لە هەموو جیهانەوە سەردانی هەولێر بکەن بۆ بەشداری لەم ماراسۆنە جیهانییەدا، هەر لێرەشەوە سوپاسی پارێزگای هەولێر و بەتایبەتیش کاك تاهیر عەبدوڵڵا جێگری پارێزگار دەکەم، کە بە هاوکاری و شەونخونی بەرێزیان ئەم دەستکەوتە هاتەدی، هەروەها سوپاسی گشت ئەو رێکخراو لایەنانەش دەکەم کە هاوکارو پاڵپشت بوون بۆ سەرخستنی ئەم پرۆژە گرنگە، بەتایبەتی ئەنجومەنی رێکخراوە ناحکومییەکانی کوردستان و رێکخراوی مەسەللە و سەرجەم کەسایەتی و خۆبەخشەکان کە هاوکاربوون لەسەرخستنی ئەم پرۆژەیە. بەو هیوایەین کە لە ماراسۆنی ئەمساڵدا زۆرترین یاریزانی جیهانی بەشداری بکەن و ببێتە دەروازەیەك بۆ ناساندنی هەولێر وەك پایتەختی گەشتوگوزاری عەرەبی بۆ ساڵی ٢٠١٤، بەو هیوایەین هەر لێرەشەوە ریکۆردێکی جیهانی بشکێندرێت.